## ڕاگەیاندنی «فراکسیۆنی فەعالیەت بە نێوی کۆمەڵە»

## سەبارەت بە گرتنی بە کۆمەڵی هەڵسووڕاوانی کرێکاری

رۆژی جومعە 28ی خاکە لێوە، هێزەکانی جمهووری ئیسلامی هێرشیان بردوەتە سەر ژمارەیەک لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری شاری سنە و دەست بە سەریان کردوون.

لەو رۆژەدا دەیان کەس لە ئەندامان و هەڵسووڕاوانی "کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتی بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکاریەکان"، بۆ سەردان و دەربڕینی هاودڵی لە گەڵ بنەماڵەی «غالب حسەینی» کە لە زیندانی رژیمدایە چووبوونە ماڵیان. هێزەکانی رژیم کە ئاگاداری ئەم مەسەلەیە ببوون، هێرشیان بردوونەتە سەر و ڕاپێچی دەزگا ئینتیزامیەکانیان کردوون.

شایانی باسە کە «غالب حسەینی» کە ئەندامی"کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتی بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکاریەکان"ە، وێرای «عەبدوڵا خانی» رۆژی 3ی ڕەشەمەی 87 بە تاوانی بەشداری لە مەراسمەکانی یەکی ئەیاری ئەو ساڵە بانگ کرابوە دەزگا ئەمنیەتیەکانی ڕژیم و هەر ئەو ڕۆژە زیندانی کراوە و ئێستاش هەر لە زینداندا بە سەر دەبات.

کاربەدەستانی ئینتیزامی و ئەمنیەتی ڕژیم هەوڵی زۆریان داوە کە گیراوەکان بە زۆری هەرەشە ناچار بە پاشگەز بوونەوە لە ئەندامەتیان لە رێکخراوەکەیان بکەن. بەڵام کرێکارە گیراوەکان ملیان بەو فشار و هەڕەشەیە نەداوە و لەسەر مافی ڕەوای هەبوونی ڕێکخراوەی خۆیان پێداگریان کردوە. ڕژیم پاش ناکام مانەوەی هەوڵەکانی پاش نیوەڕۆی هەر ئەو ڕۆژە گیراوەکان ئازاد دەکا.

هێرشی ڕژیم بۆ سەر هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە سەرو بەندی نزیک بوونەوە لە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران، پیلانێکی ناسراوە بۆ چاوترسێن کردنی کرێکاران بە مەبەستی دورەپەرێز مانەوە لە بەڕێوە بردن و بەشداری لە جەژن و مەراسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەیدا. کردەوەی ئەم جارەی ڕژیمیش هەوڵێکی دووبارە بووە هەر بۆ ئەو مەبەستە.

ئێمە وەک "فراکسیۆنی فەعالیەت بەنێوی کۆمەڵە" وێرای دەربڕینی هاوپشتی خۆمان لەو هاورێیانە، هێرشی ڕژیم بۆ سەریان مەحکووم دەکەین و خەبات و تێکۆشانیان بۆ بە دەس هێنانی داخوازەکانیان بە مافی بێ ئەم لاو ئەولایان دەزانین و پێمان وایە کە هەموو سازمان و ڕێکخراوە کرێکاریەکان و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و تێکۆشەر پێویستە وێرای دەربڕینی دەنگی ئیعتێرازی خۆیان لە دژی ئاکارە دژی کرێکاریەکانی ڕژیم، خوازیاری ئازادی هەڵسووڕاوانی کرێکاری دەسگیرکراو، لەوانە «غالب حسەینی» و «عەبدوڵا خانی» بن.

**هەیئەتی هاوئاهەنگی فراکسیۆنی فەعالیەت بە نێوی کۆمەڵە**

**خاکە لێوەی 1388**